**بەڕێز دوکتۆر شەفیق قەزاز، سەرۆکی ئەکادێمیای کوردی**

وێرای سلاوێکی دۆستانە، ئەوا لە سەر داخوازیی بەڕێزتان ئاگادارتان دەکەم لەوەی کە نامەی رۆژی 2008/7/5 تان، بە ئینگلیزیش وکوردیش، بە هۆی بەڕێز دوکتۆر جەبار قادرەوە گەیشتە دەستم. لەوێدا ئاماژەتان بەوە کردووە کە ئە نجومەنی ئەکادێمیاکەتان لە دانیشتنی رۆژی 2007/12/20 دا ( واتە : حەوت مانگ لەمەوبەر ) بڕیاریداوە، پلەی ئەندامی شکۆمەندیی ( شەرەف ) ئەکادێمیاکە پێشکێش بە من بکات، لە بەر ئەوەی، وەك فەرمووتانە "خزمەتی دیار وشایان وبەر چاوم بە کولتووری کورد کردووە.... هتد".

جارێ دەمەوێ لەم رووەوە، بە داخەوە بێژم، ئەوەی تا ئێستە کردوومە، بەشێکی یەکجار کەمە لەوەی دەمتوانی ودەکرا بیکەم، ئەگەر ئەو هەموو بەرهەڵست وپاشقوللێگرتن وخرا پەکارییەنەبوایە کە لە دژم کراوە ودەکرێ، لە لایەن کەسانی خۆبژێن وتەنگەتیکلە وکوڕی رۆژ وحیزبپەرست وهیچنەکەر ومشەخۆر وگامەسلەکەوە. ئەمەش بێ ئەوەی رێم لە کەس گرتبێ، یان جێم بە کەس لێژ کردبێ. خۆ ئەگەر کارێکم کردبێ وبە خزمەتی گشتی دابنرێ، ئەوا تەنێ بۆ رازیکردنی ویژدانی خۆم بووە وبەس و، هیچ کاتێك بە ئامانجی دەسکەوتی تایبەتیی خۆم ( چ ماکی و چ میناکی ) نە کەوتوومەتە کار و، نە چاوەڕوانی پاداش بووم و نە سوپاس. پلە و پایە وپارە و کەشوفش، پێشکێش بەوانە بێ کە بە دوای ئەو شتانەدا دەگەڕێن.

دامەزراندنی ئەکادێمیایەکی کوردی بۆ خزمەتکردنی زمان وزانست وهونەری کورد، ئاواتی پتر لە پە نجا ساڵی منە. بەڵگە بۆ ئەمەش ئەوەیە، لە نامیلکەی " خوێندەواری بە زمانی کوردی" و "نووسینی کوردی بە لاتینی" دا، کە هەردووکیانم لە کەرکووك لە ساڵی 1956دا نووسیوە و، لە بەغدا لە 1957 دا چاپکراون، بە ئاشکرا باسی "کۆڕی زانیاریی-زمانەوانی" ( ئەکادێمیای زمان ) م کردووە و، بۆ بە دواداچوونی ئەم مەبەستەش، هەر لە پە نجاکانەوە پێوەندیم بە گەلێك لە زمانزانانی کوردوە کردووە، وەك مامۆستایان : گیوی موکریانی، برایم ئەحمەد، عەلائەدین سەجادی، عەبدوڵلا گۆران، رەفیق چالاك، مەلا جەمیلی رۆژبیانی، عەبدولخالقی ئەسیری، عەلی باپیر اغا، نەریمان مستەفا، عوسمان سەبری ( ئاپۆ عوسمان )، رۆشن بەدرخان، قەدریجان، ئەحمەد نامی، ئایەتوللا مەردۆخی کوردستانی، مەلا محەممەدی قزلجی، فەتحەلی حەیدەری زێواجۆیی کرماشانی وگەلێکی دیکە و، باسی ئەو گیروگرفتانەم کردووەلە گەڵیان، کەلە نامیلکەی "خوێندەواری بە زمانی کوردی"دا دەستنیشانمکردوون، وەك : نەبوونی زمانی ستاندارد، نەبوونی رێنووسی ستاندارد، نەبوونی رێزمانی یەکگرتوو، نەبوونی وشەنامەی گشتگر، نەبوونی بنکەی چاپەمەنی و... هتد و، بەدوای چارەسەری ئەو بەرهەڵستاندا گەڕاوم و، بیرم لە هێنانە کایەی ئەکادێمیایەکی زانستی کردووەتەوە و، پێشنیازی دامەزراندنیم کردووە.

وەك دەزانن، ئەکادێمیای زمانی کوردی، بە نێوی "کۆڕی زانیاریی کورد"ەوە، پاش رێکەوتنی مارتی 1970، لە ژێر سایەی رژێمی بەعسدا، بە پێی قانوونێکی تایبەتی، وەك دەزگەیەکی دەوڵەتی عێراق دامەزرا، بەڵام ئەندامەکانی، هەموو لە لایەن پارتی یەوە دەستنیشانکران و، ماوەیەك پاش هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول ( لە مارتی 1975دا ) "کۆڕ" کرا بە لکێکی "المجمع العلمی العراقی" و، هەر بەو نێوەشەوە لە بەغدا مایەوە تا کەوتنی رژێمی سەددام و، پاش ئەوەش "کۆڕ" گۆڕی ون بوو.

بێگومان، ئاگاتان لەوە هەیە، ئێمە (چەند ئەکادێمیاکارێکی کورد لە ئەوروپا)، کە دەمانزانی، ئەکادێمیایەکی کوردی، لە ژێر سێبەری رژێمی بەعس وداگیرکەرەکانی دیکەی کوردستاندا، سەربەخۆ نابێ، لە نێوە راستی ساڵی 1985دا لە سوێد، ئەکادێمیایەکمان دامەزراند، بەنێوی "ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست وهونەر"، کە یەکێك لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی پرۆفیسۆر بارام رەسووڵ بوو، کە نێوبانگێکی جیهانی هەیە لە دەرماننناسی و ژەهرناسیدا و، ئێستە وا لە هەولێر، لە نێزیك خۆتانەوە ودەتوانن هەر لەو بپرسن کە حیزبحیزبێنەکەران وبازرگانانی سیاسەت، چەند و چۆن بەربەرەکانیی ئێمەیان کرد و، چۆن هەوڵیان دا"ئەکادێمیا"ی ساختە ودرۆ، لە سەر کاخەز دابمەزرێنن، کە هیچی لێسەوز نەبووەوە. لە کاتێکدا ئێمە، چەند بەرهەمێکی زانستانەمان خستە بەر دەم خەلك، کە یەکێك لەوانە پەرتۆکی "چەکی کیمیایی وخۆپاراستن لێی" هی زانا بارام رەسوول و، ئەوەی دیکە "ئێستە وپاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لە بەرگری ئاگری جەنگی ئێران وعێراقدا"ی من، کە چاپی یەکەمی لە 1989دا لە سوێد و، چاپی دووەمی لەم رۆژنەدا لە هەولێر دەرچوو. لە گەڵ ژمارەیەك لە لێکۆلێنەوەی زانستانە، بە کوردی و ئەلمانی و ئینگلیزی. بێجگە لە پێوەندییەکی پڕوچڕ بە دەزگە زانستی ورامیارییەکانی ئەوروپا وئەمریکاوە، بۆ خستنە بەر چاوی کێشەی کورد، کە ئەمەیان لە لایەن هەندازیار بروسك ئیبراهیمەوە کران.

کاتی خۆشی، بەرنامە وکارنامەی ئەکادێمیاکەم نارد بۆ بەڕێزتان و، لە لەندەنیش لەو بارەیەوە قسەمکرد لە گەڵتان و، پاش ئەوەش بە تەلەفۆن رامگەیاند پێتان کە هەڤالانی ئەکادێمیا، دژی ئەوە نین " ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست وهونەر" بنکەکەی لە سوێدەوە بگوێزێتەوە کوردستان، بە مەرجێك نێوەکەی وەك خۆی و بەرنامە وکارنامەکەشی وەك خۆی بمێننەوە و، سەربەخۆ لە دەسەلاٚتی حیزبایەتی کار بکات. بەڕێزتان بەلێنتان دا بۆ ئەو ئامانجە کار بکەن، لێ کە "کۆڕی زانیاریی کوردستان" لە "نەوای ئارام"دا، لە لایەن پارتی یەوە و، بە پێی قانوونێکی تایبەتی دامەزراو، بەڕێزتان بوونە سەرۆکی ئەو کۆڕە و، ئەو دەمە پلەی وەزیریشتان هەبوو، ئیدی هیچ دەنگتان نەبوو، هیچ پرسێکیش بە ئێمە نەکرا و، ئیدی دلنیابووینەوە لەوەی، ئەوەی ئێمە دەمانەوەی کە سەربەخۆیی زانست و کاری ئەکادێمیاییە، لە ژێر سایەی دەسەلاٚتی جووتحیز بەکەدا، خەون وخەیاڵە.

دوای رێکەوتنی پارتی ویەکێتی لە سەر دابەشکردنی سامان و دەسەلاٚت لە هەرێمی سێستاندا، ئەوە بوو، قانوونی کۆڕ، وەك ئەوروپاییەکان دەبێژن، "بە فەرمانی مفتی" Per order de Mufti کرا بە قوربانی ئەو رێکەوتنە حیزبییە و، کۆڕی بەستەزمان، وەك گای قوربانی، بە جۆرێك درا بە زەویدا، دەنگی دلی ئەو کلۆلاٚنە هات کە بووبوونە ئەندامی کۆڕ و، مافی ئەو ئەندامەتییەی کە گوایە بە درێژایی ژیانیان درابووپێیان بە پێی "قانوونی رۆم"، لێیان بوو بە تڕی بن گۆم، یەك دووانێکیش لە وانە، کە کەوتنە دەمەدەمێ، ئەوا، دوور لە ڕووتان، هەر بە جارێك "فنش" کران.

کاکە شەفیق، ئێمە هەردووکمان دەمێکە یەکدی دەناسین و، خۆشت باش ئاگات لە دوارڕۆژەکانی شۆرشی ئەیلوول هەیە، چۆنکە لەو کاتە دا نوێنەری شۆرش بوویت لە تاران و لە گەڵ دوکتۆر مەحموود عوسمان لە خزمەتی مەلا مستەفادا چوونە لای شای لێخراوی ئێران و، چیرۆکی ئەو کوێرەوەرییەشت بۆ من گێرایەوە. لە بەر ئەوە هەردووکمان دەزانین، شۆرشێك کە 14 ساڵ بەرگەی گرتبێ و، سەتوبیست هەزار پێشمەرگەی هەبێ، چۆن بە تاکە فەرمانێك لە شەو ورۆژێکدا ئاشبەتاڵی پێدەکری، لێ، باوەڕ بفەرموو، ئەز بەش بە حالی خۆم، ئەوەم

نەدەزانی کە کۆڕێکی زانیاری کە بە قانوونێکی لە پەرلەمان دەرچوو، دامەزرا بێ، بە تاکە فەرمانێکی حیزبی، ئاشبەتاڵی پێدەکرێ.
وا دیارە ئاشبەتاڵ بووە بە دایکی قانوونان، بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرۆیەکی شەڕە گەرەکی حیزحیزبێنە وفشە کوردایەتی و سەردەرنەچوون لە هونەری رامیاری.
شایانی باسە، کۆڕی ئاشبەتاڵپێکراو، کاتی خۆی منی کردبوو بە ئەندامی "شەرەف"، بێ ئەوەی ئەز لەوە ئاگادار بکرێم. پاش سالانێك و، لە سەروبەندی گیانەلای کۆڕدا و، بە هۆی هەفتەنامەی "میدیا"وە، لە پڕ زانیم کە ئەندامی شەرەفم، لەوە زۆر سەرمسووڕما، بەلام کە نامەکەی بەڕێزتانم پێگەیشت، زێتر سەرمسووڕما، چۆنکە بەسەندنەوەی ئەندامەتی لە ئەندامەکانی کۆڕی زانیاریی رەحمەتی، دیارە ئەو "شەرەف"ە لە منیش سێندراوەتەوە و، ئەمجا بە دامەزراندنەوەی کۆڕ، بەلام ئەمجارە بە نێوی ئەکادێمیاوە، وەك فەرمانگەیەکی حکوومەتی هەرێمی سێستان، سەر لە نوێ "باوەخوون" کراومەتەوە و، "شەرەف"ەکەم پێدراوەتەوە. جا تکایە لێم ببوورن، کە ناتوانم ئەو "شەرەف"ە بگرمە بەرخۆم. چۆنکە پارتی ویەکێتی، گوێی شەیتان کەڕبێ، لە یەك جیابوونەوە و ئەکادێمیاش بوو بە دووان، ئەو دەمە نازانم لە لایەن کامیانەوە "شەرەفدار" دەبم. خۆ ئەگەر خوانەخواستە "درێژدادڕی" شم کرد، ئەوە لەوانەیە هەر بە "فەرمانی مفتی" بمگرن وبمخەنە حەوشی شێتەکان. ئەمەش لە خۆمەوە نایەژم-ها.... ئەوەتە، جەنابی دوکتۆر فوئاد حسەین کە قسەکەری سەرۆکایەتیی هەرێم"ە، بە برای بەڕێز کاکە حەمە میر وەیسی گوتبوو، کاتێك کاکە حەمە پێشنیازی ئەوەی کرد بوو کە سەرپەرشتیی زمانی کوردی بدرێتە دەست جەمال نەبەز، جەنابی فەرموو بووی "جەمال نەبەز شێتە و، تۆش دەتەوێ کاری خۆمان بدەینە دەست ئەو شێتە؟. ئێی! خۆ ئەز لە زانای گەورەی رووس ساخارۆف زێترنیم کە لە سەر چەند رەخنەیەك لە سیستمی ملهۆڕی سۆڤێیت، بە تەمابوون بیخەنە "حەوشی شێتان"، بەلام ئەوە بوو، خوا گۆرباچۆڤی نارد بۆ سۆڤێیت وساخارۆفی رزگارکرد. باشە، کێ ئەوسا، بابایەکی وەك من رزگار بکات کاکە شەفیق؟
کاکە شەفیقی بەڕێز
دەسەلاتێك کە مۆرانەی حیزحیزبێنە وخزمخزمێنە، وا گەندەڵیی کردبێ، نەك هەر نەتوانێ لە ماوەی 17 ساڵدا سێ وەزارەت بکات بە یەك، تۆ واز لە کێشەی ئاو وکارەبا وسووتەمەنی وژنکوژی وبێکاری وهەژاری وکەرکووك ومەرکووك بێنە، بەڵکو نەتوانێ لە سەر وشەی ژن/ئافرەت، خوێندەکار/قوتابی، تەندروستی/ساخلەمی، بریارێك بدات ویەکلایی بکاتەوە و، ئەکادێمیاکەی ئێوەش، دەسنێژی ئەم دوو حیزبە بێ، ئێدی چۆن باوەر بە جێگری بەڕێزتان رەشید فندی بکەم، کە لە وتووێژێکدا لە گەڵ هەفتەنامەی "میدیا" فەرموو بووی "ئێمە مەرجەعیەتین"!
جارەکی دی داوای لێبووردن دەکەم، ئەگەر ئەم وەرامەی من بەر دلی گرتبێ، هیوام وایە، هیچ نەبێ، بەرچاوی نەگرتبێ لە ئاستی بینینی راستییە زەقەکاندا.
رێز وسلاوم دووبارە دەکەمەوە بۆ هەمووتان.

**جەمال نەبەز**

بەرلین 2008/7/23